# خانمانی سیاسەتمەدار..

## تا چەند کاریان بۆ هاوبەشی کردنی ئافرەت لە سیاسەتدا کردووە؟



گوڵان: کۆمەڵایەتی

**باڵیۆز سوانی هەنت سەرۆك و دامەزرێنەری رێكخراوی پۆڵیتیكال پاریتی، لە توێژینەوەكانیدا جەخت لەوە دەكاتەوە كە بوونی ئافرەتی یەكەم لەناو جومگەكانی دەسەڵات دەبێتە هاندەر بۆ خۆكاندیدكردنی ئافرەتانی دیكە، جەختیش لەوە دەكاتەوە كە یەكەم ئافرەتی سیاسەتوان دەبێتە نموونەیەكی بەرز بۆ ئافرەتی دووەم و هانی دەدات ئەویش ببێتە سیاسەتوان، تەنانەت بە پێویستی دەزانێت ئەگەر ئافرەتێك لە یەكێك لە ویلایەتەكان سیناتۆر بێت، دەبێت هەوڵ بدرێ بۆ ئەوەی حاكمێكی ئافرەتیش هەڵبژێرن، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئافرەتانی سیاسەتمەدار لە هەرێمی كوردستاندا تا چەند ئەو روانگەیە پەسەند دەكەن و تا چ رادەیەك كاریان بۆ تێكەڵبوونی زیاتری ئافرەت بە سیاسەت كردووە؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.**



**ئافرەتانی سیاسەتوانی جیهان**

تێریز مورای سەرۆكی سیناتۆرانی ماساچوتس، كە شازدەمین ئافرەتە لە ریزبەندی ئافرەتانی هەڵبژێردراو بۆ پۆستی سیناتۆری ماساچوتس، یەكێكە لەو ئافرەتە سیاسەتوانانەی جیهان كە بەردەوام هەوڵی تێكەڵبوونی زیاتری ئافرەتی و سیاسەت داوە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بە درێژایی ژیانی پیشەییم زۆرجار لەسەر مێزی كۆبوونەوەكان تەنیا ئافرەت بووم لە نێوان بەشداربوواندا، بەڵام ئەمرۆ من سەرۆكی مێزەكەم و كاریشم بۆ هێنانی ئافرەتانی دیكە بۆ سەر مێز كردووە، كاتێك بۆ یەكەمجار بڕیارمدا بچمە ناو ژیانی سیاسییەوە قورسترین بڕیار بوو، كە لە ژیانمدا دابووم، بەرهەڵستیەكی زۆریش لەسەر رێگەم هەبوو، كە تا ئەمڕۆش ئافرەتان رووبەڕووی ئەو بەرهەڵستیانە دەبنەوە، من بە درێژایی ژیانم لە دژی ئەو ئاراستەیە هەوڵ و كۆششم كردووە، چونكە باش دەزانم هەستێكی زۆر ناخۆشە كاتێك ئافرەتێك تەنیا خۆی لەسەر مێزی بڕیاردروستكردن بێت، بۆیە پێویستە ببین بە نموونە بۆ نەوەكانی داهاتووی ئافرەتان و هان بدەین و پاڵپشتیان بكەین و پیشانیان بدەین كە دەتوانن سەركەون، داواكارم لە ئافرەتان كە لە دەرگایەك تێپەڕن و كە چوونە ژوورەوە بۆ وەرگرتنی پۆستێك، دەرگاكە بە كراوەیی جێ بهێڵن، بۆ ئەوەی ئافرەتی دیكەش بێتە ژوورە، چونكە ئافرەتی خاوەن ئاكار و فكر مێژوو دروست دەكات».

**سیستەمی كۆتا تاهەتایە بەكارنایەت، بۆیە پێویستە ئەو ئافرەتانە لەم قۆناخە ئەزموونكاریەدا سەركەوتوو بن، هانی زیاتری ئافرەتیش بدەن كە تێكەڵ بە سیاسەت ببن و خۆیان لە ناوەندەكانی بڕیار دروستكردندا ببینن**

د. ئەشواق جاف ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی عێراق، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «زۆر جار باسی ئەوە دەكەن كە ئافرەتی بەرپرس و سەركردەی سیاسی بەرامبەر بە هاندانی ئافرەتانی دیكە بۆ تێكەڵبوونیان بە سیاسەت كەمتەرخەمن، بەڵام ئەگەر بێینە سەر واقع، دەبینین وا نییە، بەڵكو لەبەر ئەوەی ئافرەت هەست بە مەزلوومییەتی خۆی دەكات، هەوڵدەدات ئافرەتی دیكە بێنێتە ناو گۆڕەپانەكە و دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی ئەو بۆ ئەوەی پێكەوە بتوانن بەرهەمێكیان هەبێت، لە راستیدا ئەگەر ئافرەت پشتی ئافرەت نەگرێ، چاوەڕێی هیچ شتێك لە پیاو ناكرێ، ئەگەر ئافرەتێكی وەزیر نەیتوانی ئافرەتی دیكە رابكێشێ، ئەوە مانای ئەوە نییە كە ئەو ئافرەتە حەز بە بەشداری پێكردنی هاوڕەگەزەكانی ناكات، بە پێچەوانەوە ئێمەی ئافرەتان لە كاتی هەڵبژاردنەكاندا هەموو پێكەوە بووین و پاڵپشتیمان لە دەنگی یەكتر كرد، دیارە كەمبوونەوەی رێژەی بەشداری ژن لە وەزارەتەكان گوناهی خودی ئافرەتانی تێدا نەبوو، بەڵكو ئەوە خەلەلێكە لە مەنزوومەی عەقڵی سیاسی عێراقی بە شێوەیەكی گشتی نەك تەنیا لە هەرێم، چونكە تەنیا لە كاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەكان بەشداری ئافرەت وەكو دروشم بەكاردەهێنن، بەڵام كە دێینە سەر ئەرزی واقع ئەو بەشداری پێكردنە نابێتە كردار، لەبەر ئەوەی عەقڵییەتی سیاسەتمەدارانی ئێمە تەقەبولی ئەوە ناكەن ئافرەت خاوەن بڕیار بێت، بۆیە تا ئێستاش لەكاتی

**رۆڵ و پێگەی ئافرەت لە كاتی خەباتی چەكداری بە بەراورد بە قۆناغی خەباتی سیاسی زیاتر بوو، لە كاتێكدا پێویست بوو ئەو رەنگدانەوەیە بە پێچەوانەوە بێت**

**عەقڵییەتی زۆربەی سیاسەتمەدارانی پیاو تەقەبولی ئەوە ناکەن ئافرەت خاوەن بڕیار بێت، بۆیە تا ئێستاش لەکاتی ناردنی وەفدەکان بۆ گفتوگۆ و دانوستانەکان بەشداری بە ئافرەت ناکرێت و ڕۆڵی ئافرەت هیچ بایەخێکی پێنادرێت**

**لەبەر ئەوەی ئافرەت هەست بە مەزڵوومییەتی خۆی دەکات، هەوڵدەدات ئافرەتی دیکە بێنێتە ناو گۆڕەپانەکە و دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی ئەو بۆ ئەوەی پێکەوە بتوانن بەرهەمێکیان هەبێت**

ناردنی وەفدەکان بۆ گفتوگۆ و دانوستانەکان بەشداری بە ئافرەت ناکرێت و ڕۆڵی ئافرەت هیچ بایەخێکی پێنادرێت، تەنانەت لەناو پەرلەمانیش کە یاسایەك دادەڕێژرێ، ئەفزەلییەت بە بۆچوون و بڕیارەکانی پیاو دەدرێ، نەك بە بیروبۆچوونەکانی ئافرەت».

سۆزان عارف سەرۆکی ڕێکخراوی تواناسازیی ئافرەتان، ئەوە دەخاتەڕوو کە بەپێی سەرژمێرییەکان ئافرەتان لە٦٠٪ی ژمارەی مرۆڤی جیهان پێکدەهێنن، بەڵام لە پۆستەکاندا ڕێژەیان زۆر لە پیاوان کەمترە و کۆمەڵگەی باوکسالاری و نەریتی خێڵەکی هەمیشە بۆ وەرگرتنی پۆستە باڵاکان پشتگیری پیاوان دەکات، هەروەها ئافرەت چەندین ئەرکی هەستیار و زۆر زەحمەتی هەیە، کە بریتین لە پەروەردەکردنی منداڵ و سەرپەرشتیی کاروباری خێزان، کارکردن لە دەرەوەی ماڵ، سەرپەرشتی پەیوەندییە خێزانییەکان و بەستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سەردانی خزم و کەس و ڕاپەڕاندنی ئەرکی میوانداری و...تاد، بۆیە ئەستەمە بتوانێت ئەم هەموو ئەرکەی لەسەر شان بێت و هەوڵی پۆستی باڵاش بدات. لە لایەکی دیکەوە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی بە هەرێمی کوردستانیشەوە، لە دابەشکردنی پۆستە باڵاکاندا ئافرەت بێبەش دەکرێت، واتە لەدامودەزگاکان و دروستکردنی لێژنەکانی بەڕێوەبردن و کارگێڕیدا ئافرەت بێبەش دەکرێت و پیاوان دەڵێن: ئافرەت ناتوانێت ئەو پۆستانە بەڕێوەببات، زۆربەی هەرە زۆری زەماڵە و ئاسانکارییەکانی بواری خوێندنیش بۆ پیاوان تەرخانکراوە. گوتیشی: «تا ئێستا باوەڕێکی فعلی نییە بۆ ئەوەی ئافرەت بەتەواوی بەشداری دەسەڵات بکات، بۆیە نیوەی کۆمەڵگە نەیتوانیوە وەك پێویست بەشداری لە پرۆسەی گەشەپێدان بکات، کۆمەڵگە ئەگەر لەپۆستە باڵاکاندا بەشداری بە ئافرەت نەکات، وەك ئەوە وایە کە مرۆڤێك لەسەر یەك قاچ ڕاوەستابێت».

زۆر جار چالاکانی مەدەنی باسی ئەوە دەکەن کە زۆربەی ئافرەتان کاتێك دەگەنە پۆستێکی هەستیار، یان دەبنە کەسێکی خاوەن بڕیار، دەرگا لەدوای خۆیان دادەخەن و ڕێگەی کار بۆ هاوڕەگەزەکانیان ناهێڵنەوە و بە عەقڵییەتی پیاوانە ڕەفتار دەکەن، بەڵام ڕۆژنامەنووس ئیبراهیم عەباس ڕایوایە «مەرج نییە ڕوانگە و کار و ڕەفتاری هەموو ئافرەتێك بەو جۆرە بێت، هاوکات دەڵێت: «گەر ئافرەتێك گەیشتە ئەو جێگەیە کە پێیدەگوترێت دەسەڵات و بەو جۆرە ڕەفتاری کرد، بەر لەهەموو شتێك ئەوە دەردەخات کە ئەو ئافرەتە باوەڕی بە تواناکانی خۆی و هاوڕەگەزەکانیشی نییە. لەبەر ئەوەی مادەم ئافرەتی کورد وابەستەی کەلتوورێکی زاڵ و زاڵمی پیاوسالارانەیە، پێویستە یەکەم کاری ئافرەت لە پۆستی دەسەڵات و بڕیاربەدەستیدا ئەوە بێت کە ڕەفزی کەلتووری باوکسالاری و نەریتسالاری بکات، نەك لاساییکردنەوەی کەلتوورێك کە بە درێژایی مێژووی دوور و نزیك ئافرەتی هاڕیوە و زوڵمێکی زۆری لێکردووە». گوتیشی: «مرۆڤ چ پیاو بێت، چ ئافرەت، لەکاردا زیاتر حەز بە کارکردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر دەکات و ڕەنگە لە دیدی پیاوەوە ڕاستتربێت کە ئەوە ئافرەتە کاری ئەو تەواو دەکات و بۆ ژنیش هەمان شت ڕاستە، هەر بۆیە تا ئاستێك ئەوەش ئاساییە کە ئافرەت زیاتر حەز بە کارکردن لەگەڵ پیاو بکات تا کارکردن لەگەڵ ڕەگەزەکەی خۆی و کارکردنی پیاو لە گەڵیدا بەتەواوکاری ئیشی خۆی بزانێت و ئەم هۆیە وا بکات کە غیرە بەرامبەر بە ئافرەت لەکاردا بکات.لەم نێوەندەدا ئەوەی شایستەی قسە لەسەر کردنە ئەوەیە ئایا ئەو هۆکارە دەبێت چی بێت کە وا لە ئافرەت دەکات غیرە لەکاری هاوڕەگەزەکەی خۆی بکات و دەرگای کار بە ڕووی هاوڕەگەزەکانی دابخات و ڕێگە نەدات ئیتر دوای خۆی ئافرەتە خاوەن تواناکان وەکو ئەو بگەنە جێگەی بڕیار. بێگومان ئەوە وابەستەیی ئەو ئافرەتەیە بە کەلتووری باو، بۆیە ئامادە نییە ئەو کەلتوورە بشکێنێت و پیاوانی خاوەن دەسەڵات لەخۆی نارازی بکات، لەهەمووشی گرنگتر کەلتووری باوی کۆمەڵگە و ئایین ڕێگە لە دەرخستنی تواناکانی ئافرەت دەگرن، ئیتر ئەم هۆکارانە وادەکات ئافرەت با لە دەسەڵاتیش بێت، بە ترس و شەرمەوە پراکتیزەی دەسەڵاتەکانی خۆی بکات، یان هێندەی خەمی ڕازیکردنی پیاوانی سەرووی دەسەڵاتی خۆی هەبێت، هێندە خەمی هێنانە پێشی ئافرەتی دیکەی نەبێت.

پەرلەمانتار د. ئەشواق جاف وەك چارەسەر پێشنیار دەکات: «ئافرەتان بەردەوام بن لە هەوڵەکانی خۆیان و پاڵپشتی لە یەکتر بکەن، چونکە هەر کاتێك ئافرەت پشتی ئافرەت بگرێ و پشتیوانی یەکتر بن، ئەوکات پیاو ناچار دەبێ ئیعتیراف بە تواناکانیان بکات و بەو ڕاستییە بگات کە ئافرەت توانای زۆری هەیە»، گوتیشی: «ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر لە واقعی ئەمڕۆماندا بەدی دەکرێ، ئەویش ئەوەیە کە ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت لە کاتی خەباتی چەکداری بە بەراورد بە قۆناغی خەباتی سیاسی زیاتر بوو، لە کاتێکدا پێویست بوو ئەو ڕەنگدانەوەیە بەپێچەوانەوە بێت، مرۆڤایەتی چەند پێشدەکەوێ، پێویستە ئەوەندە زیاتر ڕێگە بۆ ئافرەت خۆش بکرێ تا بچێتە ناوەندەکانی بڕیاردان، بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا متمانە بە ئافرەت و بڕیارەکانی ناکرێ، بگرە پێشوەخت بڕیاردەدەن کە ئافرەت توانای بڕیاردانی نییە، تەنیا ئیشکردن نەبێت».

سەرۆکی ڕێکخراوی تواناسازیی ئافرەتانیش بە پێویستی دەزانێت ئافرەتان زیاتر خۆیان ماندوو بکەن و هەوڵبدەن ئەنجامیان هەبێت و پشتی یەکتر بگرن، هەتا قەناعەتێك بۆ کۆمەڵگە دروست بکەن، کە ئەوان توانای ئیشکردنیان هەیە، گوتیشی «سیستەمی کۆتا تاهەتایە بەکارنایەت، بۆیە پێویستە ئەو ئافرەتانە لەم مەرحەلە تەجروبییەدا سەرکەوتوو بن، بۆ ئەوەی چارەسەرەکان شکڵی نەبن و چارەسەری بنەڕەتی بن و هانی زیاتری ئافرەتیش بدەن کە تێکەل بە سیاسەت ببن و خۆیان لە ناوەندەکانی بڕیار دروستکردندا ببینن».

گوڵان: کۆمەڵایەتی



# پەروەردەی دروست و قازانجەکانی وەبەرهێنان لە کچاندا

ئایا لە کۆمەڵگەی خۆمان تا چەند بایەخمان بە وەبەرهێنان لە کچاندا داوە؟ پەروەردەی زانستی و شیاوی کچان و قازانجەکانی وەبەرهێنانیان بۆ کۆمەڵگە چییە و چۆن دەتوانین ئەو زەمینەیە بۆ کچان خۆش بکەین؟ بە ڕەچاوکردنی ئەوەی لە قۆناغەکانی خوارەوەی سیستەمی پەروەردەدا بەتایبەتی لە قۆناغی بنەڕەتی کە ڕێژەی کچان لە ڕێژەی کوڕان بەرزترە، ئایا وەبەرهێنان لە پەروەردەی کچاندا قازانجی زیاتری لێ ناکەوێتەوە؟ ئایا وەبەرهێنان لە ڕووی بەرەوپێشبردنی ئاستی پەروەردەیی ئافرەتان تا چەند کەش و هەوایەکی کارا و بەسوود لە کۆمەڵگە دەخوڵقێنێت ؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە..

زانستی پەروەردەیی و بەخێوکردن و فێرکردن و پێگەیاندن لە خێزانەوە دەستپێدەکات، ئینجا ئەرکی بەشەکەی دیکەی ئەم چەمکە دەکەوێتە ئەستۆی دامودەزگا پەروەردەییەکان بەهەموو قۆناغەکانی خوێندن و فێرکردنەوە کە لە کۆتاییدا ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆمەڵگە دەبێت، هەر کۆمەڵگەیەکیش توانی کچی ئازاد و سەربەخۆ و خاوەن داهات و وەبەرهێن بهێنێتە بەرهەم، داهاتووی ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو ئاستێکی بەرزی یەکسانیخوازی و شارستانی دەچێت». ئەوە قسەی فرمێسك مستەفا بوو، ئەو خاتوونە وەك کەسایەتییەکیی ئەکادیمی و شانۆکار هێما بۆ ئەوە دەکات کە «ئەو کۆمەڵگەیانەی کچان تێیدا ژێردەستە و کۆیلە و بێ مافن و وەك مرۆڤێکی لاواز دەهێندرێنە بەرهەم، کۆمەڵگەیەکی شەڕانگێز و نادادپەروەری لێ دەخولقێت»، گوتیشی: «کچ بەو خەسڵەتە خۆڕسك و سروشتییەی خۆیەوە، کە میهرەبانە و کابانی ماڵە و دایکە و ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردە دەچێتە سەرشانی، ئەو توانایەی هەیە کە ئەو خەسڵەتە سروشتییانەی لە کارێکدا کە خۆی تێیدا بەهرەمەندە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدات، کچان بۆ ئەوەی سەرپەرشتێکی نموونەیی بن بۆ پەروەردەی خێزان و لە داهاتوودا دایکێکی باش بن بۆ منداڵەکانیان هەمیشە پێویستیان بە فێربوونە، ئیدی لەو چوارچێوە و ژینگەیەی کە تێیدا دەژین بەردەوام هەوڵی فێربوون دەدەن، بەوەش تواناکانیان گەشە دەکات و تەنانەت لە کاری دەرەوەی ماڵ و لە ئاستی کاروباری ئیداری و چالاکی مەدەنی و سیاسیش ڕۆڵی کاریگەریان دەبێت، ئەو پرۆسەی خواستە بۆ فێربوون تەنانەت لە لای ژنانی ماڵەوەش بەردەوامە، هەروەها ڕادەی فێربوون لای کچ لە قۆناغی نەوجەوانیدا کە بەداخەوە بە (هەرزەکار) ناوی دەبەن، خێراتر و پتەوترە لە کوڕ، بەڵام زۆربەی خێزانەکان ئەو توانایانە سنووردار دەکەن و کۆمەڵگەش ئەو لووتبەرزییەی داوەتە نێرینە کە بەردەوام ڕێگری بۆ دروست بکات».

فرمێسك لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئەگەر بمانەوێت خێزانێکی ڕۆشنبیر و کۆمەڵگەیەکی سەرفراز و یەکسانیخواز و پێشکەوتوومان هەبێت، دەبێت پەنا ببەینە بەر ڕاهێنان و بەهێزکردنی تواناکانی کچان و کەشێکی وایان بۆ بڕەخسێنین کە بتوانن بەهرەو تواناکانی خۆیان بەرفراوان بکەن و ببنە کەسایەتییەکی بەرهەمهێنەر، کە سوودیان بۆ خۆیان و بۆ خێزانەکەیان و بۆ کۆمەڵگەش دەبێت».

توێژەری کۆمەڵایەتی هێمن ساڵح سەبارەت بە هەمان پرس بەمجۆرە ڕای خۆی دەخاتەڕوو: «یەکێك لە خاڵە هەرە گرنگەکانی پرۆسەی پەروەردەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە خێزان و هەمووشمان لە خێزاندا گەورە بووین و درکمان بە گەورەیی کەسایەتی دایك کردووە بەسەرمانەوە، لەبەرئەوە هەرچەند بمانەوێ پرۆسەی پەروەردە بەرەو پێشەوە بەرین، ئەگەر بێتو ئافرەت لە پرۆسەکەدا پێگەی گرنگی پێنەدەین، ئەوە لەبری ئەوەی پێشکەوین هەر بۆ دواوە دەگەڕێینەوە، ئەوەی ئێستا لە کوردستان تێبینی دەکرێت ئەوەیە ژیانی کۆمەڵایەتی لە چەقێکی پێنەگەیشتووی کۆمەڵایەتیدا وەستاوە، ئەوەش پەیوەندی بە گرنگینەدان بەو خاڵە گرنگەی پرۆسەکە هەیە کە کەمتر بایەخ بە کچان دراوە، کە دواجار هەر ئەوان دەبن بە دایك و کۆمەڵگەیەك سەرپێ دەخەن، لەبەرئەوە زۆر گرنگە کە ئافرەتان لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا لە هەموو قۆناغەکان بە تایبەتیش قۆناغی تازەپێگەیشتنی کچان گرنگی زۆریان پێبدەین، چونکە کچان لە قۆناغی تازەپێگەیشتن زۆرترین وزەیان هەیە و پێویستییان بە ئاراستەکردنێکی ئەرێنییانەی کۆمەڵایەتی هەیە، تاوەکو بتوانن لە بوونەوەرێکی بەکاربەرەوە ببن بە بەرهەمهێن و لە هەموو کایەکانی کۆمەڵایەتیدا شوێنی خۆیان بکەنەوە، زانستی سەردەم سەلماندوویەتی کە ئافرەتان دەتوانن زیاتر لە پیاوان لە کارە وردەکانی دەستی و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و بەڕێوەبەری مارکێت و بە بازاڕکردندا کاریگەری گەورەیان لەسەر کۆی وەبەرهێنانی ماددی هەبێت، لە بوارە کۆمەڵایەتییەکەشدا هەرچەندە هۆشیاری ئافرەت بەرزبکرێتەوە، ئەوا هۆشیاری کۆمەڵایەتی بەرزتر دەبێتەوە، واتە بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگە ئافرەتە و دەتوانێ لە پرۆسەی پەروەردەی کۆمەڵایەتی کە لە زانستی کۆمەڵناسیدا پێی دەگوترێ (بەکۆمەڵ ڕاهاتن) شوێنپەنجەی گەورەو بەرچاوی هەبێت، لێرەشدا ڕۆڵی دایك لە بەخێوکردن و پێگەیاندنی نەوەی نوێ و هۆشیار زۆر بنەڕەتییە، بەتایبەتیش لەو سەردەمە جەنجاڵەدا کە ناکرێت خێزان زیاتر لە سێ ئەندام بە شێوەیەکی باش پەروەردە بکات، لەبەر ئەوە ئەو جۆرە ئافرەتانەی دەگەن بە هۆشیاری ڕاستەقینە لەوەش دەگەن و دواجار هەموو کۆمەڵگە قازانج دەکات».

قومری خشنود سەرپەرشتیاری پەروەردەیی منداڵان لە وڵاتی ئوستralیا، لە ئاخافتنێکی تایبەتدا بۆ گوڵان دەڵێت: «پابەندبوون بە ئەدەبیاتی جیاکەرەوەی ڕەگەزی، وەك میکرۆب لە ژینگەی جیهانیدا بڵاو کردۆتەوە، بۆیە هەتا جیاوازی ڕەگەزی بنبڕ نەکرێ، کچی وەبەرهێن و خاوەن داهات و ئابووریی سەربەخۆ ڕێژەیەکی دیاریان نابێت، واتە چالاکانی مەدەنیش هەندێکجار بە نائومێدییەوە باسی ئەوە دەکەن کە زۆربەی خواستەکانی ریفۆرم و چاکسازییە ڕەخنەییەکان لە بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و تەنانەت سیاسەتی پەروەردەیی لە وڵاتانی نەریتی و نێرسالار پشتگوێ دەخرێن و کەمتر بایەخ بە پێشنیار و خواستەکانی ریفۆرم و چاکسازییەکانی بواری یەکسانی ڕەگەزی دەدرێت، بۆیە ئەرکی ئەهلی مەعریفەیە لە سەرەتاوە کار بۆ ئەوە بکەن کە سیاسەتی پەروەردەیی منداڵ بە بێ جیاوازی ڕەگەزی ریفۆرمی تیا بکرێت و کچانیش زیاتر هان بدات کە شانەشانی کوڕانی وەبەرهێن خاوەن پیشە و داهات و خاوەن ڕاوبۆچوونی خۆیان بن».

عاتیفە سدیق چالاکی بواری مافی ئافرەتان کێشەکانی پەروەردەیی بە «گەورەترین قەیران» هەژمار دەکات و دەڵێت: «ئەرکی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتییە لە ڕێگەی سەنتەرەکانەوە گرنگی بە منداڵان بدەن و خولیان بۆ بکەنەوە و بەبێ جیاوازی ڕەگەزی کچان و کوڕان تێیدا بەشدار بکرێن بۆ ئەوەی زەمینەی وەبەرهێنانیان بۆ بڕەخسێنن، بۆیە پێویستە پەرلەمان لێپێچینەوە لەگەڵ وەزارەتی کار بکات کە بۆ نەیتوانیوە لە بواری وەبەرهێنانی کچان کار بکات. هەروەها پێویستە پارتە سیاسییەکان دەستبکەن بە تواناسازی و ڕاهێنانی

عاتیفە سدیق:

**پێویستە پەرلەمان لێپێچینەوە لەگەڵ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بکات بۆ ئەوەی نەیتوانیوە لە بواری وەبەرهێنانی کچان کار بکات**

قومری خشنود:

**هەتا جیاوازی ڕەگەزی بنبڕ نەکرێ، کچی وەبەرهێن و خاوەن داهات ڕێژەیەکی دیاریان نابێت، پابەندبوون بە ئەدەبیاتی جیاکەرەوەی ڕەگەزیش تیرۆریستی وەک میکرۆب لە ژینگەی جیهانیدا بڵاو کردەوە**

نەبەز ئەحمەد جۆڵا:

**حکومەت و ڕێکخراوەکانی ناحکوومی و داکۆکیکار لە مافی ئافرەتانیش بە شێوەیەکی زانستی و بناغەیی کاریان بۆ فەراهەمکردنی پەروەردەی کچی وەبەرهێن و کارامە نەکردووە**

فرمێسك مستەفا:

**: لە دێرزەماندا زۆربەی خواوەندەکان دایک یا خود ڕەگەزی مێ بوون، چونکە ژن سەرچاوەی خێر و بەرهەمهێنان و ژیان بووە**



ئافرەتان بۆ ئەوەی بتوانن لە ئاستی بڕیاردان جێگەیان بۆ بکرێتەوە و لە لایەن حکومەتیشەوە سیستەمێك دابندرێت بۆ ئەوەی هانی ئافرەتان بدات ببنە کەسێکی بەرهەمهێن و تواناکانیان لە بواری ئابووری و سیاسی بەرەوپێش ببەن.

عەدنان حاجی کاکە رۆژنامەوان و چالاکی مەدەنی، قسەکانی بەوە دەستپێدەکات کە «پەروەردگار ئادەم و حەوای بە یەکسانی خوڵقاندووە و دەبێت ئەو یەکسانییە لە دەسەڵاتی مرۆڤدا هاوتەریب بێت، بۆ ئەوەی نە زێتر و نە کەمتر لە هەر دوو رەگەزدا ناتەبایی نەخوڵقێت».

گوتیشی: «کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە چاخی تاریکی و جەهالەتدا جیاوازیی نێوان نێر و مێی دروستکرد و دواتر کارەساتی نایەوە، بۆیە پێویستە پەروەردەی کۆمەڵگە بەو ئاراستەیە بێت کە کچان جێی بایەخی زیاتر بن بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و یەکسانیخوازمان هەبێت و ئافرەتانیش ماف و ئازادی و خوێندن و کارکردن و وەسیلەکانی گوزارشتکردن لەخۆیان بۆ فەراهەم بکرێت و لە بواری دادوەریدا زوڵمی کۆمەڵایەتی و ماددییان بەرامبەر نەکرێت. دەبێ بە یاسای گونجاو هەلی کارکردنیان بۆ بڕەخسێنن و نابێت کەلتوور و نەریتی کۆمەڵگە چیدی رۆڵی خراپی لە وەبەرهێنانی کچاندا هەبێت. چونکە ئافرەتیش دەستڕەنگینی و بلیمەتی و بڕوابەخۆبوونی بەرزە و ئاستی ئەکادیمی باشیان هەیە و دەتوانن ئەو رۆڵە ببینن و شانبەشانی پیاوان لە کۆمەڵگەیەکی بەکابەرەوە ببینە وەبەرهێن هەتا رۆشنبیریی ئافرەتان زیاتر بێت، ژمارەی منداڵیان کەمتر دەبێت، بۆ ئەوەی باشتر بتوانن پەروەردەیان بکەن، بۆ نموونە ئافرەتانی مامۆستا و فەرمانبەر و هونەرمەند و پزیشك لەبەر کارەکەیان و بەپێی وشیاری خۆیان کەمتر وەچەیان ناوەتەوە و باشتر دەتوانن بەخێویان بکەن و پەروەردەشیان ئاسانتر دەبێ».

نەبەز ئەحمەد جۆڵا وەك چالاکی مەدەنی راوبۆچوونی وایە «حکومەت و رێکخراوەکانی ناحکوومی و داکۆکیکار لە مافی ئافرەتانیش بە شێوەیەکی زانستی و بناغەیی کاریان بۆ فەراهەمکردنی پەروەردەی کچی وەبەرهێن و کارامە نەکردووە». گوتیشی: «پێویستە لەقۆناغی دایەنگەوە کار لەسەر پەروەردەی کچ بەتایبەتمەندییەکانی خۆیەوە بکرێ، باوان وشیار بکرێنەوەو ژینگەیەکی شیاو بۆ راهێنانی کچی بەتوانا دروست بکەن، هەروەها پێویستە بە یاسا پرۆسەی وەبەرهێنان بۆ کچان جێگیر بکرێت و هەر یاسایەکیش بۆ بەرژەوەندی کچان دەربچێت، دەبێت پێشتر رەگەزی نێری لێ هۆشیار بکرێتەوە، بۆ ئەوەی چیدی مافەکانیان پێشێل نەکەن».

هێمن سالّح:

**زانستی سەردەم سەلماندوویەتی کە ئافرەتان دەتوانن زیاتر لە پیاوان لە کارە وردەکانی دەستی و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و بەڕێوەبەری مارکێت و بە بازاڕکردندا کاریگەری گەورەیان لەسەر کۆی وەبەرهێنانی ماددی هەبێت**